# هەڵوێستی سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان بەرامبەر بەو سەکۆ کارتۆنییەی درووستبووە !

سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان و سەکۆ کارتۆنێکەی (دلێر محەمەد عەلی)

دەربارەی ئەو ئاگادارییەی لە 2005-04-04 و 2005-05-08 کە لەم مەڵپەرەدا بڵاوکرایەوە،،ئەوەی یەکەم دوای چەند ڕۆژێک کشانیەوە بۆ ئەوشوێنەی لێوەی هاتبوو (تەنانەت لە ئەرشیڤی کوردستاننێتدا نەماوە)، ئەوەی ئەمڕۆ وەک فتوایەک کە هیچی کەمتر نییە لە و مە رجەعیەتەی قسەکەرێکی سەکۆ باسی لە سەر کردووە ( ئەو قسەکەرەش هەر خۆیەتی) ئێمە وەک سەکۆی سەربەخۆیی خۆمان بە خاوەنی ئەم لێدوانە نازانین، وە دژی هەرکەسێکی وەک (دلێر محەمەد عەلی) ئەوەستینەوە گەر جاریکی تر خۆی بکات بە مەرجەعیەتی سەکۆ..!!!

ئەمڕۆ سەکۆ وەک هەموو هێزە کوردستانییەکانی تر کە دێنە گۆڕەوپانی خەباتەوە لە یەکەم ڕۆژی پێگرتنیا تووشی گەمارۆیەکی بێوێنە ئەبنەوە، ئەو هێزانەی هەڵئەسن بە خنکاندنی ئەم دەنگانە و ڕۆ بردنی ئەم هێزە کۆرپانە، هەمیشە خۆیان ئەبیینەوە لە کڕینی چەند کەسانێکی هەرزان تا ببن بە تووتیان و لە ڕێی ئەوانەوە ڕەوتوو خوێندنەوەی ئەو هێزە مۆدێرنە نەتەوەییانە بەرەو کپکردن بەرن ، هەر بۆیە لەم ڕۆژانە کەسێک بە ناوی( دلێر محەمەد عەلی ) (تەنها یەک کەس) خۆی کردووە بە دەم ڕاست و قسەکەری سەکۆ ( وەک فتواکەی ئەمڕۆ،داویەتی وەک مەرجەعییەتی سەکۆ) و خاوەن بیر و تەنانەت نووسەری هەموو بابەتەکانە و بە ناوی خۆیەوە بڵاودەکاتەوە (بەڵام ناوی سەکۆی داوەتێ) و لەوەش زیاتر هەموو مافەکانی داوە بەخۆی، بەڵام ئەم کەسە **(دلێر محەمەد عەلی لە گەڵ کەسێکی تر کە تا ئەمڕۆ ناوی پاڵتاڵکی هەیە،تا ئەو ڕۆژەی خۆی بە ئەندام زانیوە کەس ناوی ڕاستەقینەی نەزانیوە)** دێن خەڵکی تاوانبار ئەکەن و فتوای دەرکردنی ئەندامان و درۆ و بوختانی زۆر هەرزان بۆ کەسانی تر هەڵئەبەستێن، دوور لە هەموو پرینسیپێکی سیاسی ،بێ ئەوەی ئەم کەسە خاوەنی مافی ئەندامێتی هەبێت و ئاگاداری کۆبوونەوەکان و بڕیارەکانی سەکۆ بێت بۆ زیاتر لە شەش مانگ (ئەمەش دەقی نامەی وازهێنانەکەیەتی لەسەکۆ):

**برایانی بەڕێز لە سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان**

**بەروار** : 2004/10/20

**وێرای سڵاو و ڕێزی سەربەخۆخوازانە**

**بەڕێزان**

**لەبەر پێکەوە نەگونجان لەسەر چۆنێتی کارکردن و پەیڕەو کردنی بەرنامەکانی سەکۆ من داوای خۆکشانەوە دەکەم لەکاروباری سەکۆ وەک ئەندام، بەڵام من هەر هاوبیرم و خەریکی بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجەم بەڵام لەدەرەوەی سەکۆ.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**لێرەدا من هەر وەک هاوڕێیەکی دڵسۆزی ئێوە ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکم بەپێی کاتی گونجاوم بەڵام نەک وەک ئەندام.**

**هەر سەرکەوتووبن لەکاروبارتاندا بۆ سەرکەوتنی گەلەکەمان.**

باشە چۆن کەسێک ئەندام نەبێت هێندە بێشەرمانە ئەو هەقە ئەدات بە خۆی ببێت بە خاوەنی هەموو ئەم بریاڕ و فتوایانە .بڕیاری قبووڵکردنی وازهێنانەکەی لەلایەن دەستەی سەکۆوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کەسە1: خەبات و بازرگانی تێکەڵ ئەکات 2: سەرپێچی ئەکات لە بڕیاری سەکۆ و بڕوای بە بڕیاری کۆمەکی نییە(وەک سوڵتان بریار ئەدات) .ئێستاش وەک خۆی لە نامکەیدا بڵاوی کردۆتەوە : خۆی فرۆشت بە سندووقی دەنگدانی هەڵبژاردنی عێراق و لەوەش زیاتر خۆی کاندیدکرد بە ناوی سەربەخۆکانەوە لەگەڵ لیستی حیزبی زەحمەتکێشان، دوور لە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ و گەڕانەوە بۆ بڕیاری دەستەی بەرێوەبەری سەکۆ( کە سەکۆ هەرگیز بڕوای بە ووشەی عێراق نەبووە نەک کاندیدکردنی ئەندامێکی)، ،ئەمەش لای سەکۆ لە خانەی کفری نەتەوەیدایە و حسابی خیانەتی بۆ ئەکرێت ، بۆیە ئێمە وەک دەستەی بەڕێوەبەری **سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان** هەموو دۆستان ئاگادار ئەکەینەوە کە ئاگادار بن لەم دەستە چەپەڵانە کە دێن پلانی دووبەرەکایەتی ئەنێنەوە لە نێوان ڕیزەکانی نەتەوەی کوردا بۆ بەیەکدادانی هێزە کوردیەکان،وە ئەم کارانەی تازە نییە ، چونکە ئەم جۆرە کەسانە قووتابی ئەقلییەتی پارتی عێڕاقیی بوون،و پێش ئەوەی ئێمە ببین بە قوربانی نوسینەکانی ، ئەندامی پارتی گەل ببوە ، کە مێژووی ئەم پارتانە ڕوونە بۆ نەتەوەی کوردمان( خەڵکی کورد شاهیدن جۆن دوای ڕاپەرین سەدامیان لستەوە لەگەڵ  حیزبە کوردییە عێڕاقییەکانی تر)، ئەوەی لەم جۆرە چالاکی و کارانەدا سوودمەندە تەنها داگیرکەران و ئەڵقەلەگوێکانیانن.بۆیە وریایی و سڵەمینەوە لەم جۆرە کەسانە لە کۆماڵگادا زۆر پیویستە...!!

**ئەم چەند خاڵانە ی خوارەوە  پێویستیان بە زیاتر ڕوونکردنەوە هەیە** :

1: **ئەو ناڕەزاییەی بلاومانکردنەوە دەربارەی شەکانەوەی ئاڵای بەعس لە سەر مەزاری شەهیدانی کیمیابارانی شاری هەڵبجەی شەهید** :

**ئەم کوردی عەیاری**[24] **ە دێت دژی سەکۆ نامەی پرۆتێستکردن ئەنوسێت کە گوایە ئەوەی نوسراوە، بوختانە بە دەمی سەکۆوە و هەڵوێستیکی ناکوردانەیە تەنانەت سەکۆ ئاگاداری ئەم نامەیەنییە، لەو وایە ئێمە بەعسین و سەکۆ کیمیابارانی هەلبجەی کردووە،**  بۆیە دێت ماستاو سارد ئەکاتەوە بۆ ئەوانەی ئاڵای گڵاوی عێراقی سەدامیان لە سەر مەزاری شەهیدانی هەڵکردووە و تاوانی سووکایەتی کردن ئەداتە پاڵ سەکۆ بەرامبەر (ی.ن.ک) ،نەک سەکۆ بەڵکوو زۆرینەی ئەندامان و دۆستانی  (ی.ن.ک) ناڕازین بەم ئاڵا گڵاوە لە سەر سنگی شەهیدانی کیمیاباران (هەر لەم ڕۆژانە بەڕێز مام جەلال لە بەغاوە ووتی من بڕۆام بەم ئاڵا گڵاوەی عێراق نییە چونکە ئاڵای دەسەڵاتی بە عسە)، با بپرسین لە( دلێر محەمەد عەلی) کوا کوردستانی سەربەخۆ(کوا کوردایەتی)گەر خاوەنی جورئەتوو کەرامەتی نەتەوەیی بیت ئەبێت دژ بەم ئاڵا گڵاوە هەڵوێست بگریت دژی ئێمەی نووکی ڕمی کوردایەتی تاوانبار ئەکەی بە هەلپەرست وئەو تاوانە دەخەیتەپاڵمان کە  سوکایەتیمان  کردووە  بە (ی.ن.ک) . ئەم ماستاوکردنە لە ڕسوابوون

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زیاتر هیچی تری لێ نادرویتەوە ، تۆ لە لایەک وەک چاک دژی (ی.ن.ک) قسە ئەکەی و بە تاوانباریان ئەکەی بە رامبەر کورد وبە خاوەن مەلەفەکان لەگەڵ بەعسا ناویان ئەبەی ، لەم لاش شینی سوکایەتی کردنیان بۆ ئەکەی، گوایە سەکۆ سوکایەتی پێکردوون!!( ئەمەیە بانێکەو دوو هەوا) ..

2: دەربارەی هەڵوێستمان بەرامبەر هاورێیانی **رەوتی نیشتمانی کوردستان** :

ئیمە وەک سەکۆیەکی کوردستانی بە ئەرکی نەتەوەیی خۆمانی ئەزانین کە هەمیشە پشتگیری و هاوکاری هەموو هێزیکی کوردستانی زوڵم لێکراو بین وە دژی هەردەسەڵاتێکین کە ئەو زۆردارییە پیادەبکات، گەر بە پێچەوانەوەشەوە بوایە ئیمە بەرگریمان لە(ی.ن.ک) ئەکرد.

ئێمە وەک سەکۆ پێش چاپکردنی نامەکەش پەیوەندیمان کرد لەگەڵ هاورێیانی رەوتا و ئیستاش لە باشترین پەیوەندیداین بۆیە ئەوەی ئەڵێی کە سەکۆ ئاگاداری ئەو نامەیە نییە ، ئەوە خۆتی وەک( دلێر محەمەد عەلی ) ئاگادار نیت ، تۆش بەهیچ جۆرێک مافی دەرکردنی یەک ووشەت نییە بە ناوی سەکۆوە. .ئەو ووشانەی سەرفتکردوون لەو نامەیەدا ووشەی خۆماڵی خۆتن دەنگ و بڕیاری سەکۆ نییە.

3: با چاک بزانیت ئیمەیلی سەکۆ کە دانرا بە داشەوە دانەنرا بەڵام ئەو ئیمەیلەی تۆ کارتۆنیە و دروست کراوی تۆیە بۆیە داشی پێوەیە، بۆیە ئەو ئیمەیلەی ناوتهێناوە بە ئیمەیلی شەخسی تۆی ئەزانین نەک سەکۆ.

4: سەکۆ لە (رۆژی پێنجشەمە 2003--08-07) دروست بوو نەک لەومێژووەی تۆ تەزویرت کردووە، سەکۆ لە خەڵکی گەنج دروست نەبووە بەڵکوو ناوەندی تەمەنی ئەندامان 35 ساڵە هەر چەند ئێمە بروامان بە تەمەن نییە، بەڵام بۆ ڕاستییەکان ئەوەمان ڕوونکردەوە. ئەندامە سەرەتاییەکانی سەکۆ ئەوانەن کە بۆ یەکەم جار لە وولاتی سوید بە تایبەتی لە شاری (ئۆپسالا) کۆبوونەوە و ئەو کاتە تۆ پەیوەندیت پیوەنەکرابوو( بۆیە ئاگاداری مێژووەکان و بەژداربووان نیت)، ئێمە وەک سەکۆ کەس بە هەوێن نازانین،وە بروامان بە موڵکایەتی سەکۆ نییە، چونکە هەر کوردێک ئەمرۆش بەشداری خەبات بکات لە ریزەکانی سەکۆدا ئەتوانێت هەمان شوێن بگرێت وەک ئەندامێکی سەرەتایی کە بەژداری کردووە لە دروست بوونیدا..

5: تۆ باسی ئەوەتکردووە کە گوایە سەکۆ بۆ لایەنێکی سیاسی تر کار ئەکات ، بێ ئەوەی یەک بەڵگەت بە دەستەوە بێت، بۆیە ئێمە وەک هەر بە قسەی ڕووت حسابی بۆ ئەکەین.

6: ئێمە بۆ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان : ئەڵێین ئیمەیڵی سەکۆ داشی پێوەنییە، هەر ئی مەیڵێک داشی پێوە بوو ئەوە سەکۆی داش عیراقییەکانە نەک سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان ئیمەیڵی سەکۆ :sekoikurdstan@walla.com،ئەو پەیوەندیانەی هەمانە لەگەڵ هیزو لایەنە کوردستانی و جیهانییەکان شاهیدن کێن ئەوانەی نوێنەری سەکۆ ڕەسەنەکەن، بۆیە لەو بارەیەوە هیچی تر نادرکێنین.

7:کۆمەڵێک قسەی سووک و ناوناتۆرەی و زۆر بازاڕی بەکارهێناوە بۆیە ئێمە ، بە سووکایەتی ئەزانین بۆ خوێنەر بچینە ریزی ئەو باسانەوە ، بۆیە، بێدەنگ ئەبین لە وەڵام دانەوەیان...!!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

8: تۆ ناوی کەسێکی وەک (کاک کەمال غەریب)هێناوە و بە بوختـ کردووە بە ناویانەوە ، بە ڕێزیان ئامادەیە، ئەو درۆ و بوختانانەی تۆ بە درۆ بخاتەوە، گەر تۆ ڕاست ئەکەی : ئەو کەسەی( کە گوایە هاوڕێی ئێوەیە) ئەو پێش چەند مانگێک هەوڵی نەزۆکی لەگەل داوە بیهێنێتە ناو یەکێک لە حیزبەکانەوە ،ئامادەیە کەی بتەوێت لە ژووری ئێرە دەنگی کوردستانە لە سەر پاڵتالک ڕووبەڕووی

تۆو ئەویش بێتەوە، بۆیە ئەبێت چاک بزانیت کە درۆ باڵی نییە و تەمەنی کورتە..!!

9: بەڵێ ئەوە تۆ بوویت کە نارەزایت پیشاندا بەرامبەر ئالای گلاوی عێراق لە سەر مەزاری شە هیدانی کیمیاباران ،نەک کاک ماجید عەلی کەریم( کە ناوەکەیت بە ڕاستی نە نەسیوە وە نازانیت ،ئەو کەسە کێیە).

10: بە هەموو خەلکی کوردستان و پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ڕادەگەیەنین ، هەر خەتەریاتێک بۆ سەر ئەندامان و دۆستان و لایەنگیرانی ئێمە دروست بێت(دلێر محەمەد عەلی)و دەزگا سیخوورییەکانی ئاشنای مەم کەسەی پێ تاوانبار ئەکەین ،وە ڕایان ئەکێشین بۆ دادگا..!!

## ئاگاداری بۆ سەرجەم خەڵکی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان :

1: لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کێشەی نەتەوەی کورد ئەکرێت لە سەرتاسەری خاکی کوردستاندا و مانەوەی ئەم هێزە نەتەوەییە وە پاراستنی کلتووری نەتەوەی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان( س.س.گ.ک)، وە پیرۆزی ناوی سەکۆ بریارماندا لەمرۆ بەدواوە بە ناوی **سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان( س.س.ک)** نوسین و بەیانامەکانمان و پەیوەندییەکانمان ڕێکبخەینەوە(ئیمەیڵی سەکۆ sekoikurdstan@walla.com بیگۆڕین وەک خۆیەتی.

هەروەها بۆ ئەوەی ئەو دیوارە دروست بکەین لە نێوان **سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان** و ئەو سەکۆ عێراقییە کارتۆنییەی تازە دروستکراوە و لە لایەن تاقمەکەی (دلێر محەمەد عەلی) بۆ مەرامی ئابووری و پڕۆپاگەندەی خۆیان.

2: کۆبوونەوەی گشتیمان لە هۆلندا بە شێوەیەکی شاراوە ئەنجامدا (تەنها بۆ پاراستنی گیانی بەشداربوو بۆیە میدیاکانمان لە کاتی خۆیدا ئاگادار نەکرد ) لە ئاگادارییەکی تردا،بریارەکان و هەڵسەنگاندن و دامەزراندنەوەی سەکۆتان پێرائەگەیەنینەوە....**تکایە ئاگادار بن..!!**

**بژی کورد بژی کوردستان**

**هەموو خەباتێک لە پیناوی ڕزگارکردنی خاکی بە کۆلۆنیلکراوی کوردستان.**

**دەستەی بەڕیوەبەری (سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان (س.س.ک)**

2005-05-08 ئەورووپا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com